# چەند ڕۆژێکە و کەرکوکمان لەدەست دەچێ

## ئەو کاتەی سوار چەند جارێک دەگلێت و نابێت بە سوار ، چی بکەین ؟؟؟

**هێمن ڕەئووف**
hemnrauf@hotmail.com



ئێمەی کورد لە هەموو زەمەنێکدا لە پێش ستەمکاری و دڵڕەقی داگیرکەران ، قوربانیی دەستی نەزانی و بێبەهرەیی سەرکردە و سەرانی ئیداری و سیاسی گەلەکەمان بووین . لە دوای ئەو هەموو نسکۆ و قوربانیدان و شەهیدبەخشین و کیمیاباران و ئەنفال و سوکایەتییەی بە مرۆڤی کورد کرا ، لە سەکۆی ڕاپەڕینەوە هەتا ڕوخانی ڕژێمی عەفلەقی بەعسی خوێنڕێژ ، تاکە داوا و تاکە ئامانجێک کە گەل و هاونیشتیمانیانی کوردستان لە سەرانی کوردیان خواست ، تەنها سەندنەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی ئەم پارچەیەی باشوری کوردستان بوو، لەو کاتەوە ناوی ( کەرکوک ) بوو بە نازناوی ئەو داوا ڕەوایەی خەڵکی کوردستان . بەڵام ئەوەتا سەرانی کورد هەریەکە بە بەرژەوەندییەکانی خۆی ئاشنا بووە و گومڕا و بێئاگا لە ئاست جەماوەر و بێهەڵوێست لە ئاستی ئەو نەهامەتییەی بەسەر خەڵکی قوربانی کوردستاندا هات بێخەم دەژین . ئەوەتا بێ شەرم و سڵەمینەوە لە مێژووی خۆیان لە بەڵێن و پەیمانێک کە بە خەڵکی کوردستانیاندا سازش لەسەر کەرکوکێک دەکەن کە بە درێژایی زەمەن بە هۆی کوردبوونی خەڵکەکەی خوێناویە .

تاڵەبانی سەردانی تاوانبارانی ئەنفال دەکات لە بەندیخانەکان و بارزانی بۆ چاک کردنی ددانەکانی، وڵات لە ناسکترین کاتدا جێدەهێڵێ !!!!!!

ئەمانە بوون ئێمەی خەڵک جڵەوی ئەم ئەسپەی دەسەڵاتمان دایە داستیان ، ئەمانە بوون بۆ هێنانەوەی کەرکوک و بۆ ڕێز لێنان لە قوربانییان و بۆ باشکردنی گوزەرانی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان ڕاسپێردران و کرانە پێشڕەو . بەڵام کاتێ لەو ئاستەدا نابینرێن و تەنها بەرژەوەندییەکانیان ئامانجیانە ئێمە چیبکەین؟ کاتێ بەعس ئاسا دەزگای سەکوتکەر و بەندیخانەی ئازادی و دەمکوتینەوەی دەنگە بەرز و هەقەکان دەکەن بە پرۆژە ئێمە چیبکەین ؟ کاتێک هەژاران چینی چەوساوە و قوربانیی دەستی زۆرداران و زەنگینەکانی دەوری دەسەڵات بن ئێمە چیبکەین ؟

ئایا کاتی ئەوە نییە ئیتر جەماوەر ئەو متمانەیە لەو دەسەڵاتە بێئەزمون و بێبەهرەیە بستێنێتەوە ؟ ئایا ریسواکردنی ئەو سیاسەتە چەواشەکارییەی کە هەوڵی کپکردنی دەنگی سروشتیی دیلێتی مرۆڤی کورد دەدات پێویستییەکی هەنوکەیی نییە ؟ ئایا ڕازی کردنی مرۆڤی کورد بە مانەوە لە وڵاتێکی ژەهراوی و لە جەنگ درووست بوو تاوانێکی کوشندەی ئەم دەسەڵاتە گومڕایە نییە ؟

ئەی چیبکەین بۆ دەرباز بوون لەم قەیران و لەم شەپۆلی نەهامەتیە نوێیەی خەڵکی هەژار و نەداری کورد چاوەڕوانی دەکات ؟

**پێویستە :**

لەبەر ئەوەی چیتر سەرانی کورد گوێ بۆ داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان ناگرن و تەنها مەرام و سیاسەتی حیزبی و خانەوادەیی خۆیان جێبەجێ دەکەن ، پێویستە شەپۆلێکی مان گرتن و ڕێگرتن لەم سیاسەتە چەوت و نەزانانەی دەسەڵاتی کوردی بگیرێت . پێویستە ڕۆشنبیران سەرقافڵەی ئەم ڕاپەڕینە

سپییە بن بۆ دەربازبوون و هاتنە دەرەوە لەم قەیرانە نوێیە . بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە لە ناوەوەی کوردستان جەماوەر بێدەنگ نەبن . پێویستە خوێندکاران و قوتابیان، خوێندنگا و پەیمانگا و زانکۆکان جێبهێڵن و فەمانبەران ئامادەی کارکردن نەبن و کرێکاران دەست لە چەکوش هەڵگرن و جوتیارانیش زەوییەکانیان جێبهێڵن . پێویستە کاسبکاران دەرابەی بازاڕ و دوکانەکانیان دابخەن و هەموو دەست لە ناودەست ئەو دەسەڵاتە بەئاگا بهێننەوە و ڕازی نەبن بە سیاسەت و هەڵوێستە لاوازەکانیان . پێویستە چیتر ئامادە نەبن بەم هێمنییە ئاوا ماف و داخوازییەکانی خەڵک هەرزانفرۆش بکرێت !!

ئێستا کاتی ئەوەیە جەماوەر بە تێکڕای ژن و پیاو گەنج و پیر و منداڵ و مێرد منداڵ ماڵو حاڵی خۆیان بەجێ بهێڵن و سەر شەقامەکان بتەنن . پێویستە ئەم چەند ڕۆژەی بەر لە مردنی کەرکوک جەماوەر حاڵەتی نائاسایی لە وڵاتدا رابگەیەنێت . پێویستە چیتر ڕازی نەبن بەو هەموو بێحورمەتییەی دەسەڵات بەرامبەر بە کەرامەت و قیەم و داخوازییەکانیان دەکات . پەیوەست بوون و خۆبەستنەوە بەو دەسەڵاتەوە لەناو دواکەوتوویی و ململانێی ناوخۆیی و خۆخۆریدا دەمان هێڵێتەوە بۆیە پێویستە بۆ ساخ کردنەوەی مرۆڤی کورد هەوڵی درووستکردنی دەسەڵاتێکی ڕاست و ساخ بدەین.

ئەوا لە کارێکی دزێوی تری ئەو دەسەڵاتەدا ، یاسایەک کە توندوتیژی بەرقەرار دەکات لە بواری ڕاگەیاندندا ، کە سەرکوتکردنی ڕای ئازاد و ڕەخنەی بوێرانەیە ، جارێکی تر بۆ گەمارۆدانی ڕاو بۆچونی جەماوەر سەنگەر لە میللەت دەگرن . پەسەند کردنی یاسای ڕۆژنامەوانان کە پەرلەمانی خەوتوی کوردستان بریاری لەسەر داوە پێویستە بەرپەرچی بدرێتەوە و بێدەنگ نەبین لە ئاستیدا . ئەمرۆ ڕۆژی هەینی ٢٠٠٧\١٢\١٤ لە سلێمانی و هەولێر خۆپیشاندانێکی ڕۆژنامەوانان ئەنجام دەدرێت ، پێویستە جەماوەر بە تایبەت خوێندکاران و لاوان پشتگیرییەکی سەرانسەری بۆ ئازادی ڕادەربڕینی ڕۆژنامەوانان بەیانبکەن . پێویستە هەموو هەڵوێستو تواناکان لە هەموو بوارەکاندا بخرێنەگەڕ بۆ ڕێگرتن لەم گومڕاییەی دەسەلات . پێوستە جەماوەر بایکۆتی دەسەڵات و هەڵبژاردنەکانیان بکات و چیتر ئامادە نەبن وەک دەسەڵاتی خۆیان سەیریان بکەن .

دواتر داواکارم لە گەنجان و لاوان لەهەر گۆشەیەکی ئەو کوردستانە ، بە تایبەتی گەنجانی کەرکوک ، کە بەیەکگرتووی بەر لە گۆڕەوشارکردنی کێشەی کەرکوکی خوێناوی هەستن و ئامادە نەبن ئەم زەمەنە بەم هێمنییە بەسەریاندا تێپەڕێت . ئێستا کاتی ئەوەیە بێدەنگ نەبین و هەستین و کۆشش بکەین . ئەو ئارامیە کوشندەیەی باڵی کێشاوە بەسەر کوردستاندا داهاتومان لاواز و لاوازتر دەکات . لە گۆڕنان و سەرنانەوەی کێشەی کەرکوک تاکتیکەکان و دوبارەبوونەوەی بەیانی ١١ی ئازار ی بە دواوەیە . با ڕێگا نەدەین جارێکی تر عێراقێکی بەهێز کوردستانێکی قوربانیی خوێناوی بکاتەوە . دەهەستن ئەی خەڵک .. لە ماڵ و خوێندنگا و جێگای کار و فەرمانگەکاندا بێنەدەرەوە و پێکەوە بۆ کەرکوک بەیەک دەنگ بانگی ئازادبوونی کەرکوک بدەن .

-14.12.2007____________________________________ www.hemnrauf.kurdblogger.com